# په نجه ره یه ک روو له خوا
# قردێله یه ک  بۆ ئه شق!!

**نامۆ سامان**

ببینن گه لاَکان چۆن به په نجه ره ی بینینمانه وه ئه لکێن
په نجه ره کان چۆن روانینه کان لێڵ ده که ن
وه ک په پوو ملتان هه ڵسورێنن
ته ماشاکه ن له سوتانی ڕۆح نه بێت
له  وه رینی په نجه کانی ئه شق نه بێت
لێره کانیه ک نابینن بۆ لادان
لێره نیگایه ک نابینن بۆ ئه وین
ئه ی کچی جوان!
پرچه کانت چیتر شانه مه که
په نجه کانت چیتر زوو زوو
وه ک قردێله
له ڕۆحتی مه ئالێنه
لێره لێوێک نییه بۆ ماچ
لێره ئێواره یه ک نییه بۆ ژوان
وه ک گوڵ له په نجه کانما هه ڵوه ره
وه ک ڕۆح له جه سته ما بملکێنه
چیتر ئێمه گۆرانیه ک نالێن بۆ ئه شق
چیتر ئێمه رێگایه ک نابرین بۆ ئه شق
ئه مه سه ده ی ئه شقو ئه وینه
سه ده ی سێبه ر و
شنه ی با و
سلاَوی یار و
کلاَوکوره کانی ئه شقه
وه ک باران له روباری ئه شقتا هه ڵمکێشه
وه ک باران بمرژێنه ڕۆحته وه

*****************************************

من په نجه کانم نامۆن به خۆم.نامۆن به په ره سێلکه ی ته مه ن..له وه ته ی هه م خۆم ده ڵێمه وه
له سه ده ی بارانو به رده وه خۆم لێوونبووه..له به ر په نجه ره ی ئه م دووپێیه دا خۆم له خۆما ده کوژم
ئێستاکه سی ساڵ به سه ر ته مه نی شه رمه زاریمدا تێده په رێت ..تاکو ئێستاکه که سێک نیم..
تاکو ئێستاکه وه ک یاسایه کی یاساخ وه ک پێناسێکی گۆمانلێکراو وه ک نارکۆتین ، تلیاک وام
ڕۆژێک له ناو ئۆردوگای دۆراودا و ڕۆژێکیش له ناو ده ریای نامۆیی خۆمدا خول ده خۆم..
هه رخۆم ده خۆمه وه و خۆم هه ڵنجئه ده م گێژه ڵوکه ی مه رگ هه ڵمده لووشێو
ڕۆژه کانی خۆمو ئه و سێبه رانه ی دوای ماندوبونێکی زۆر له خاچ دران
وه ک ئه و هه ناسانه ی که جاده ی قیریان نه دیو ئه نفالکران..
وه ک ئه و سوێسکانه ی دوای ژوانێکی ته ڕ ژه هر پژێنکران ..
سی ساڵه خه مه کانی خۆمو ئه و عه شاماته م له کۆڵگرتووه
سی په لکه زێرینه ی ته مه گه لاَکانی ئه و دارستانه سووتاوانه م له کلی چاوان گرتووه هه ر عه وداڵو به سه ودا
به دووی پرسیارێکدا وێڵم که ده گه مه که ناری شه پۆلی پرسیارێکی تر ده مفرێنێ...

روانینه کان کۆکه نه وه
لێره په نجه ره یه کمان هه یه بۆ بینین
ده نگه کان کۆکه نه وه
لێره گوێیه کمان هه یه بۆ بیستن
گوڵه کان کۆکه نه وه
لێره دڵێکمان هه یه بۆ گوڵدان
خوایه بۆ نه مان توانی  به م هه موو ئه شقه وه
به م هه موو شکستی مێژوو
نه فره تی جه نگه وه
دێرێک له ئایه ته کانی ئه شق
بۆ مسیبه تی رۆژه کان بگرینه وه
خوایه هاتووم  له به رده م په نجه ره ی بێ ئیمانی ئه م دوو پێیه دا
خۆم له نه فره تی جه نگو
فیتنه ی ئاخر زه مان سپی که مه وه
هاتووم له به رده م ئه شقدا ئیتر بڵێم
ئێمه به شێکین له کاره سات و
به دبه ختی رۆژه کان
خوایه من به م ده سته بچکۆلانه وه
چۆن بتوانم پرچی ئه شق شانه که م
من به م کورتی ڕۆژه وه
که نه متوانی به میحرابی ئه شقت بگه م
من به م هه نگاوی شه که تو
لاملی رێگایه وه که نه متوانی پێت بگه م
چیم لێده که یت که من نه متوانی
نوێژی بۆ سرینه وه گوناحه کانی تۆ بکه م ئه ی خودایه
**********************************************

ئه وه نده ئه م جیهانه م لا بچوک بۆته وه جێگه ی جووتێ پێڵاومی تیا نابێته وه بۆ له پێکردن!!
چۆن برۆیت ،، هه ر کوێ سوراغ که یت که مه رگ یه خه ی گرتی تازه مه حاڵه رزگار بوونت
ئه م زیخی ئاوه ژووانه هه ر ئاو به رێ ده که ن
ئه م په ڵه هه ورانه چونکه نه زۆکن هیچ ختووره یه ک ناده ن  به جه سته ی خاک
ئه م سلاّوانه چونکه له په نجه گه مژه کانه وه به رزده بنه وه هیچ خۆشیه ک ناده ن به دڵ.
که منداڵ بووین فێری ئه وه یان کردین چۆن وێنه ی پیاوێک بکێشین و چه کێکی بکه ینه شان
چۆن ناپاکێک بکه ین به عیبره ت بۆ خه ڵکی شار!
چۆن ڕق له دڵمانه سه وز که ین
حیزب بێته باوک حیزب بێته دایک
ئێستایش گه وره ین هه ر زۆر گه وره ین
حیزب فێری ئه وه مان ده کات چۆن له ناپاکێک ببورین
**********************************************

**هاورێ**

نیشتیمانێکمان هه یه
ڕه نگ ئه رخه وانی
سنگ سه وز
ناوقه د باریک
ناسک وه ک په ره ی گوڵ
تا چاو حه زکا قه شه نگ
سنگی بۆ ئه شق راخستووه
هاوڕێ من له وێ نیم تا له زمانی ئه شقتان بگه م
نیشتیمانێکمان هه یه
له وێ نه ورۆسه کانی ئه شق
باڵ له سنگی ده ریا ده خشێنو
ئێواره کان به گوڵ و
شه پۆله کان به دووی ئه شقا
ئه شق له ژێر سێبه ری داره کاندا ده روێنن
نیشتیمانێکم هه یه
پر له جمه ی جامبازو
پر له مه کری ژنانو
پر له خیانه ت
نیشتمانێکمان هه یه
له وێ مه لا ئازادیخوازو
جه لاد ئاشق و
خوێندکار سه له فیو
کۆمۆنیست موسوڵمان
**************************************************
شه وبوو به فر تازه به تازه چێ ده بوو من هه ناسه م به خۆمه وه به ستبوو
شه و بوو خوا تازه به تازه له میحراب ده بووه
من له ئایه ته کانی ئه شق ده چوومه وه
له به ر ئاوێنه ی ئه م دوو پێیه دا
فنجانێک له مه کرو فێڵ
فینجانێک له درۆ و خیانه ت
بۆ فیردۆسه کانی ئه شق ده گرمه وه
ئه م پیاوه گه وره نابێت به ده ست خۆی نییه
ئه م دوو پێیه ئاقڵ نابێت به ده ست خۆی نییه
کێ ناڵێت له نێوان گه وره بوون ئه قڵدا
که سێک ناسووتێت
که سێک هه ڵناوه رێت
کێ ناڵێت له نێوان
مه کرو فێڵدا
سێوک باس له بوونی خوا و حه وا ناکات

کێ شه وه کان له گه ڵ شه پۆلی باسه کاندا به رێده کات؟
لێره وه فرگه یه ک هه یه بۆ فرین!
شه مه نه فه رێک بۆ هه ڵگری چه کو
پیاوێک بۆ خیانه ت!
کێ باس له فرین ده کات؟
بێت لێره وه بزمارێک به مێژووا داکوتێ!
من کاره ساتێک بوو پێش ئه وه ی ناوکم ببرن قاچه کانم ئاماده بوون بۆ هه ڵهاتن
مامانه که م زریکاندی ئیتر زانیم کاره ساتێک روو ئه دات، ئیتر زانیم ئه بمه به شێک له خیانه ت
ئیتر له و ڕۆژه وه له نێوان خواو په نجه ره دا خه ون به ئه شقه وه ده بینم!!